کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردیە
www.kurdistannet.org
27-1-2007 23:22 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# تکایە سەرۆکی نووسەرانی هەولێر چەک بکەن!! ... باوەڕ پیرۆززادە

سەعدوڵڵا پەرۆش سەرۆکی لقی هەولێری یەکێتی نووسەرانی کوردە و کادرێکی تازە بابەتی دەست ڕۆیشتووی پارتی دیموکراتی کوردستان- عیراقە، چونکە تا 1996/8/31 لە ناو ریزەکانی یەکێتی نیشتمانیی کوردستان هەمیسان هەر دەست ڕۆیشتوو بوو، سەعدوڵڵا خانەنشینە و ئۆتۆمۆبێلی وەزارەتی ڕۆشنبیری پێیە!! ئەمانە ڕەنگە قسەی سواو بن!! بەڵام ناوبراو هەردەم چەکدارەو دەمانچەی پێیە ڕەنگە ئەمەش هەر قسەی سواو بێت!! بەڵام ئەوەی سەیرە ئەو پیاوە کە لە یانە سەرخۆش دەبێت دەمانچەکەی دەردەهێنێت و قسەی ناشیرین هەڵدەڕێژێت و هەڕەشە دەکات.

هاوینی 2006 لە یانەی نووسەرانی هەولێر پاش ئەوەی سەرخۆش بوو بە دەمانچەکەی هەڕەشەی لە نووسەرێك کرد کە بەرامبەری دانیشتبوو، ئەو کاتە وتم ڕەنگە ئەگەر چەند دێرێك لەسەر ئەم ڕووداوە بنووسم خوێنەران بە سواوترین نووسەر لە قەڵەمم بدەن!! بەڵام بە داخەوە سەرۆکی ناوبراو چەند ڕۆژێك لەمەوبەر دیسان دوای حالەتی مەستی لە هەمان شوێنی جاران بە هەمان دەمانچە هەڕەشەی لە دوو نووسەر کرد. . . من بۆ ئەم دوو ڕووداوە پێش ئەوەی گلەیی لە پارتی دیموکراتی کوردستان- عیراق بکەم، گلەیی لەو ڕۆژنامەو هەفتەنامانە دەکەم کە خۆیان بە بێلایەن‌و ناحزبی‌و سەربەخۆ دەزانن، نازانم بۆ لەسەر ئەم هەواڵە شازە بازیان داوە. . ئەو حالەتەی سەعدوڵڵا، تەنیا لە سەردەمی بەعسدا لە بەغدا لە لایەن بەندەرعەبدولقادری نووسەرو پیاوی عودەی‌و چەند نووسەرێکی‌تری بەعس هەبووە.


ئەو نووسینانەی لە (کوردستان نێت) دا بڵاو دەکرێنەوە، بیر و بۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێیان بەرپرسیار نییە.